# ئەريك فرۆم

# (ژيان وبەرهەمەكانى)

نوسينى:- David H.Kessel
وەرگێڕانى لەئينگليزييەوە:-شاسوار كەمال مەحمود


ئەريك فرۆم

أ-ژیانی فرۆم:-

-لەساڵی(١٩٠٠)لەشاری فرانکفۆرت لەئەڵمانیا لەدایك بووە.

-الی(١٩٢٢)لەزانکۆی(Heidelberg)بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە.

-لەماوەی ساڵانی(١٩٢٩-١٩٣٢)لەزانکۆی فرانکفۆرت وپەیمانگای دەرونشیکاری فرانکفۆرت دەرسی وتۆتەوە.

-ساڵی(١٩٣٤)لەترسی نازییەکان ئەڵمانیای جێهێشتووەو روویکردۆتەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.لەزۆربەی زانکۆ وپەیمانگاکانی ئەوێ وانەی وتۆتەوەو درێژەی بەرێباز وکارە دەرونیەکانی داوە.

-ساڵی(١٩٨٠)کۆچی دوایی کردووە.

ئەریك فرۆم بەیەکێك لەدەروناسە مەزنەکانی سەدەی بیست دادەنرێت وخاوەنی چەندان کتێب و وتار ولێکۆڵینەوەی دەروونییە.

ئەم هەوڵەی خوارەوەش پوختەی ئەو کتێبانەیە کەنوسیونی:

ب-کارەکانی فرۆم:

١-هەڵاتن لەسەربەستی(١٩٤١)

(Escape From Freedom)

یەکەم گەورە کتێبی فرۆمە کەتیایدا باس لەکێشەی((کارلێکردنی فاکتەرە سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیەکان))دەکات لەسایەی گەشەکردنە پیشەسازی وئایدۆلۆجیەکاندا.لەم کتێبەدا فرۆم شیکارییەکی سایکۆلۆژیمان سەبارەت بەمێژوو پێشکەش دەکات، کەپێی وایە مێژوو پرۆسەی داخورانی دەست پێکردنی کۆمەڵگایە بەرەو هۆشیار بوونەوەی تاکەکەس.هەروەها فرۆم تیۆری(کەسایەتی کۆمەڵایەتی)بەکاردەهێنێت وەك میکانیزمێك بۆتێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان گەشەکردنی تاك وپێشکەوتنی مێژوودا.لەم کتێبەدا فرۆم تێزی(کەسایەتی کۆمەڵایەتی)وەك تیۆر ورێباز لەیەککاتدا بەکاردەهێنێت ومەزنترین هەوڵی فرۆمە بۆفۆرمەلەکردنی دەسەڵات وپەیوەندییەکانی.

هەروەها باس لەتێزی(ڕەوشتی پرۆتستانت)ی ڤێبەر(Weber)دەکات لەسەر بناغەی سایکۆلۆژی وتیایدا رەخنە لەبۆچوونە ئایدیالیستیەکانی ویبەر دەگرێت بەرامبەر فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان.کتێبی هەڵاتن لەسەربەستی هەوڵێکی(ئەریك فرۆم)ە بۆتێگەیشتن لە(سروشتی کۆمەڵگا)وپەیوەندیەکانی بەراگەیاندن وپڕوپاگەندەو ڕیبازە ناعەقلانیەکانی سیاسەت لەچلەکانی سەدەی رابردوودا.

٢-مرۆڤ لە پێناوی خۆیدا

(Man For Himself)(١٩٤٧)

ئەم کتێبە هەمان هەوڵی درێژکراوەی فرۆمە لە(هەڵاتن لەسەربەستی)داو تیایدا بەشێوەیەکی چڕ باس لەتیۆری((کەسایەتی کۆمەڵایەتی))وگونجانەکانی ((کەسایەتی))دەکات وبە(کاراکتەرێکی ئایدیالی)وەسف دەکات.هەروەها فرۆم بۆچوونەکانی سەبارەت بە(بارودۆخی




مرۆڤ)و(پەیوەندی مرۆڤ بەسروشتەوە)و(پەیوەندی سروشت بەمرۆڤەوە)و(کەسی بەرهەمهێن)و(سروشت وپەروەردەکردن)دەردەبڕێت.هەرلەم کتێبەدا فرۆم پێناسەی ئایدۆلۆجیا دەکات وەك مۆدیلێکی کۆمەڵایەتی عەقڵانی کراو.

**٣-سایکۆلۆژیای شیکاری وئاین(١٩٥٠)**

(Psychoanalysis And /Religion)

لەم کتێبەدا فرۆم پێناسەی ئاین دەکات وگەشەی تیۆری(سۆسیۆلۆژیای ئاین)ەکەی دەخاتەڕوو.هەروەها تیشك دەخاتە سەر چەمکی(ئاین ومەدەنی)ولێکۆڵینەوەکەش تەرکیز دەخاتە سەر باوەڕی مرۆڤ لەڕێگەی طقوس وهێماو دەربڕینە ئاینیەکانەوە.

**٤-زمانی لەبیرکراو(١٩٥١)**

(The Forgotten Language)

تەرکیزی سەرەکی لەم کتێبەدا بریتییە لەبەکارهێنانی((زمانی هێمایی))لەدانیشتنە دەرون شیکارییەکاندا.فرۆم باس لە(٣)سیستەمی هێمایی دەکات کەمرۆڤ بەهۆیانەوە کارلێك دەکات.هەروەها فرۆم گفتوگۆ لەسەر سۆسیۆلۆژیای خێزان دەکات لەڕوانگەی دەسەڵاتی باوانەوە.پاشان ڕاڤەی(گرێی ئۆدیب)ی فرۆید دەکات لەچوارچێوەی مێژووی باوکسالاریداو لەکۆتایشدا تیۆرەکەی خۆی دەخاتەڕوو لەڕوانگەی ئەو ئەزمونانەی لەعیادە تایبەتیەکەی بەدەستی هێناون.

**٥-کۆمەڵگای دروست(١٩٥٥)** (The Sane Society)

ئەم کتێبە پراکتیك کردنی سایکۆلۆژیای شیکارییە لەکۆمەڵگادا.فرۆم باس لەنامۆبوون دەکات بۆدەستنیشان کردنی کایە فەلسەفی وکۆمەڵایەتیەکان بەپشت بەستن بەبۆچونەکانی هەریەك لەبیرمەندان (سیمێل،وێبەر،تاونی،مارکس).پاشان فرۆم باس لەهەندێك چەمك دەکات کەکۆمەڵگا بەشێوەیەکی هەڵە فۆرمەڵەی کردون وبەتوندی ڕەخنە لە(هاوکێشەوگریمانە)باوەکانی سەدەی بیستەم دەگرێت.دوای ئەوە شیکاری پێشکەوتنی مێژوی وگۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات لەگەڵ تاکیدکردنەوە لەسەر گرنگی هەبوونی هۆشیاری مێژوی لەبارەیەوە هەر لەم کتێبەدا فرۆم شیکردنەوەی زیاتر لەسەر((مرۆڤی بەکاربەر))دەکات.بەشێوەیەکی

زۆر گـــرنگ وێنـــەی((کۆمـــەڵگا))و((واقعـــی کۆمەڵایـەتی))دەکـات وده‌ڵێـت: بەشـێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا هیچ بوونێکی نییە بەڵکو تەنها چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی هـەن کەبەچەند شـــــێوازێکی جیـــــاواز وشـــــیاو کاردەکـەن.بەبۆچـوونی فـرۆفیش ئـەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتیانە قابیلی گۆڕان وگەشەکردنن.

**٦-هونەری خۆشەویستی.(١٩٥٦)**

(The Art Of Loving)

ئـەم کتێبـە شـیکاریەکی تیۆریانـەی چـەمکی (خۆشەویســتی)یـە وتیایــدا فــرۆم رەخنــە لـــەو(جـــۆرە)خۆشەویســـتی‌یە دەگرێـــت کەلەکۆمەڵگای ئەمریکدا پەیرەو دەکرێت.

**٧-ئەرکی سیگمۆند فرۆید.(١٩٥٩):**

(Sigmund Freud's Mission) -

لەم کتێبەدا فرۆم تێزەکانی بیریارێکی تردەخاتە ڕوو.هـــەروەها ڕێبـــازە کۆمەڵایـــەتی ودەروون شـیکارییەکان لەروانگـەی فرۆیـدەوە جێبـەجێ دەکـــات. پاشـــان بـــاس لەپەیوەنـــدی نێـــوان بیروچەمکی ئابوری سیاسی تەقلیدی دەکات.

**٨-زن بودایزم وسایکۆلۆژیای شیکاری.(١٩٦٠)**

(Zen Buddhism And Psychoanalysis)

پێکـدێت لـــەوردترین راڤـــەی ((نائاگـــایی)) مـرۆڤ.فـرۆم پێی‌وایـە (ئاگـایی ونائاگـایی)مـرۆڤ بەرئەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتین.هەروەها فرۆم بـــــاس لـــــــەوەهەم دەکـــــــات وەك قبـوڵکردنێکی(ئایـدیا)ی ئایـدۆلۆجیا سـەبارەت بە((بوون))کەپێچەوانەی((واقعی ئەزموونکراو)).

لەکۆتاییدا بـاس لەدەسـەڵات دەکـات ودژایـەتی خۆشـــی بۆنـــەبوونی ئـــازادی تاکەکـــەس لەدەسەڵاتدا دەردەبڕێت.

**٩-چەمکی مارکس بۆمرۆڤ**

(Marx's Concept Of Man) (١٩٦١)

ئـەم کتێبـە هێرشـێکە بـۆ بەرپەرچدانەوەی ئـەو تەوژمـــە رەگـــەز پەرســـتانەیەی بۆچـــونەکانی مارکسیان دەربارەی مـرۆڤ شێواندوە.مەبەسـتی کتێبەکە چارەسـەرکردنی ئـەو تەعریفکردنانەیە لەرێگـەی شـیکردنەوەی کـارە سـەرەتاییەکانی مـارکس وکاریگـەری ئـەو کارانـە لەسـەربیری فـرۆم.لەکۆتایـدا مانـا جیاوازەکـانی ماتریـالیزم شـــــــیدەکاتەوەو رەخنـــــــەی تونـــــــد ئاڕاستەی(ماتەریالیزمی تاك جەمسەری)دەکات وراڤەی(ماتەریالیزمی گشتی)دەکات.ئەم کتێبـە تێگەیشـــتنی فرۆمـــە بـــۆ(پێـــك هاتـــەی کۆمەڵایەتی)لەڕوانگەی تیۆرەکانی مارکسەوە.

**١٠-مرۆڤ لەوانەیە سەربکەوێت(١٩٦١)**

(May Man Prevail)

هـــەوڵێکی ســـەرەتایی نوســـەرە دەربـــارەی سیاسـەت.لـەم کتێبـەدا فـرۆم سیاسـەتەکانی دەرەوەی ویلایەتەیـــەکگرتوەکانی ئـــەمریکا شیدەکاتەوەو پەیوەندی سیاسەت وسایکۆلۆژیا بەووردی روون دەکاتەوە.

**١١-بەتەنیشت تەوقەکانی وەهمەوە.(١٩٦٢)**

(Beyond The chains Oillusion)

هـەوڵێکی ئـەوتۆ بـایۆگرافی فرۆمـە وبـاس لەبۆچوونەکانی مـارکس وفرۆیـد دەکـات خـاڵ




بەخاڵ وبابەت بەبابەت. گەورەترین کاری(سۆسیولۆژی)فرۆمە تیایدا گفتوگۆی کەسایەتی (تاك)و کەسایەتی(کۆمەڵایەتی)دەکات ولەهەمانکاتدا باس لە(نائاگایی)کۆمەڵگا دەکات. بەکتێبێکی گرنگ دادەنرێت چونکە سیستماتیزەی بۆچونەکانی فرۆم دەکات.

**١٢-باوەڕی مەسیح وهەندێك وتار لەسەر ئاین، سایکۆلۆژیا، کلتور( ١٩٦٣ )**

The Dogma Of Christ And Other Essays
(On Religion,Psychology,And Culture. )

ئەم کتێبە پێکدێت لەگەلێك بابەتی جۆراوجۆر وگۆشەنیگای فرۆم. تەوەرەی سەرەکی کتێبەکە(باوەڕی حەزرەتی مەسیحە).

یەکەمجار کتێبەکە لەئەڵمانیا لەساڵی(١٩٣٠)چاپکرا، ئەو کاتەی فرۆم (فرۆیدیەکی تەواو)بوو، لەپێشەکی کتێبەکەدا رایگەیاند بوو بەنیازە دەستکاری ناوەڕۆکەکەی بکات بەلأم لەئەنجامدا کتێبەکە وەك خۆی چۆنە مایەوە. ئەم شاکارە پێکدێت لەبۆچونە سەرەکیەکانی فرۆم دەربارەی سۆسیۆلۆژیای ئاین و وەزیفەی کۆمەڵایەتی ئاین بەدرێژایی مێژوو کەبینراوە. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە شیکاری پراکتیککردنی رێبازی(سایکۆلۆژیای شیکاری کۆمەڵایەتی)دەکات وناوەڕۆکی تیۆرەکەی-کەسایەتی کۆمەڵایەتی-باس دەکات، لەگەڵ رەخنەی(سایکۆلۆژی)بەرامبەر دیاردە مێژوویی وکۆمەڵایەتیەکان.

وتارێکی تری ناو ئەم کتێبە بەناوی(بارودۆخی ئێستای مرۆڤ- The Present Human Condition)ە. ئەم وتارە رەخنەیەکی کۆمەڵایەتی ودیاردەگەراییە بەرامبەر

سەرمایەداری پیشەسازی وبەشێوەیەکی جوان بۆچوونەکانی فرۆم دەربارەی واقعی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو. لەنێوان چەند کێشەیەکدا فرۆم رەخنەی توند ئاراستەی(ژیانی هاوسەرێتی)دەکات ورایدەگەیەنێت کەلەدنیای مۆدێرندا(هەردووك هاوسەر)وەك((ئالەت))مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن وداڕنراون لەبەها رۆمانسی وروحیەکان. پاشان باس لە((کۆمەڵگای نوێ))دەکات وەك کایەیەکی پرکێشەو ناتەبا کەململانێکان بەرهەمی عەقڵ ولۆجیك نین وتیایدا ئامارژە بەنەگۆڕی وچارەسەرنەکراوی خۆیان لەگەڵ بگونجێنێت.لەکۆتایدا فرۆم باس لەژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەکات ودەڵێت مرۆڤەکان زیاتر گرنگی بەرواڵەتی دەرەوەیان دەدەن وەك لەناخی خۆیان لەدنیای مۆدێرندا.

(سێکس وکاراکتەر- Sex and Character)وتارێکی تری ناو کتێبەکەیەو باس لە((رەگەز))دەکات وفرۆم رەخنەلەوبزوتنەوە هاوچەرخانە دەگرێت کەباس لە((وەك یەکبونی هەردوو رەگەز))دەکەن.

پاشان باس لە(رۆڵی سێکس)دەکات وپێی وایە ئەنجامدەرانی لەژێر کاریگەری ئەو ژینگە(کۆمەڵایەتی وئابوری)یەی تیادا دەژین پرۆسەکە ئەنجام دەدەن.لەکۆتاییدا فرۆم بەتوندی رەخنە لەبزوتنەوەی(فێمینیزم)دەگرێت،چونکە ئەو بزوتنەوەیە پێیوایە هەردوو رەگەزەکە((وەك یەك وان)).

(کاراکتەری شۆڕشگێڕ- The Revolutionary Character )یش وتارێکی دیکەی ناوهەمان کتێبە.لەم وتارەدا فرۆم بۆچوونی خۆی سەبارەت بە(تاکی بەرهەمهێن)دەخاتەڕوو.هەروەها فرۆم گفتوگۆی ئەوە دەکات کە(شۆڕش)پێچەوانەی(یاخی بوون)ە و(کەسی شۆڕشگێڕ)پێچەوانەی(کەسی خۆسەپێن)ە.پاشان باس لە(گوێڕایەڵی وملکەچنەبوون)دەکات وەك[٢] جۆری مێژووی کەپەیوەندیان بەئایدۆلۆجیاوە هەیە.فرۆم کۆتایی وتارەکەی بەوە دێنێت کە(کەسی شۆڕشگێڕ هاو واتای کەسی تەندروست وبارباشە).

لەوتاری(دەرمان وکێشەی رەوشتی مرۆڤی نوێ- Medicine and The Ethical Problem Of Modern Man)فرۆم رەخنە لەرەوشتی پزیشکەکان دەگرێت کەلەگەڵ نەخۆشەکاندا پەیڕەوی دەکەن.

هەروەها لەوتاری(سنورو ترسناکی سایکۆلۆژیا- On the limitations and dangers of psycholgy)باس لەنامۆبوون دەکات ورەخنە لەپەیوەندیەمرۆییەکان دەگرێت.

١٣-**ناخی مرۆڤ** (١٩٦٤) (The heart of man)

ئەم کتێبە وەڵامی فرۆمە بەرامبەر بەو رەخنەگرە (ریالیستیانەی)پێیان وایە فرۆم کەسێکی(یۆتۆپی)یە.لەم کتێبەدا فرۆم باس لەو

(مەیلە شاراوەی)مرۆڤ دەکات کەبەرەو(خراپی وشەڕەنگێزی)هەیەتی.

پاشان باس لەنارشیزمی تاك وکۆمەڵ دەکات کەبەرهەمی(خۆپەرستی)فەردانیەتە.پاشان جیاوازی دەکات لەنێوان (دیتێرمینیزم)و (بڕیاردان)دا.

**١٤-وەك یەزدانت لێ دێ.(١٩٦٦)**

(You shall be as gods)

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر زانستی ئیلاهیات وهێما وطقوسة دینیەکان.هەروەها باس لەسۆسیولۆژیای ئاین ورەخنەکانی لەو بوارەدا دەکات.لەکۆتایشدا جیاوازی دەکات لەنێوان(واقعی بەها ئەزمون کراوەکان)و(واقعی چەمك و وتەکان)دا.

**١٥-شۆڕشی ئومێد(١٩٦٨)**

(The revolution of hope)

هەوڵێکی دیارە گەراییانەی فرۆمە سەبارەت بەزیندوهێشتنەوەی (ئومێد وباوەڕ).فرۆم رەخنە لەنیشانەکانی(بێهیوایی)دەگرێت لەکۆمەڵگادا.لەراستیدا ئەم کتێبە تەواوکەری کتێبی(کۆمەڵگای دروست)ەو تیایدا رەخنە لەماشێنی گەورەی تەکنەلۆژیا دەگرێت ودەڵێت ئەزمون و واقع دەخوازێت ئەم بارودۆخە(گۆڕان)ی بەسەردابێت.

پاشان باس لەجیاوازیەکانی(ئازادی وکۆنترۆڵ)و(سەنترالیزم ولۆکالیزم)دەکات وپێشنیاری میکانیزمێکی بەڕیوەبردنی کۆمەڵایەتی دەکات.

**١٦-گرفتی سایکۆلۆژیای شیکاری(١٩٧٠)**

(The crisis of psychoanalysis)



ئەم کتێبە کۆمەڵێك وتار لەخۆدەگرێت.لەوتاری یەکەمدا فرۆم باس لەنیگای کۆمەڵایەتی دەکات بەرامبەر سایکۆلۆژیای شیکاری.پاشان رەخنە لەنەگۆڕی سایکۆلۆژیا دەگرێت بەشێوەیەکی گشتی وتەرکیز دەکاتە سەر(سایکۆلۆژیای خود).فرۆم سایکۆلۆژیای شیکاری بەڕێبازێکی رەخنەییورادیکالی وەسف دەکات وسایکۆلۆژیای شیکاری نوێ دەخاتە ناوپرۆسەی(بیرۆکراتیزمەوە).

لەوتاری(بەشداری مارکس لەزانیاریەکانی مرۆڤ)دا فرۆم باس لەناوەرۆکی ئەوبۆچوونانەی مارکس دەکات کەیارمەتی بواری سایکۆلۆژیایان داوە وپاشان پوختەی بۆچوونەکانی مارکس وفرۆید دەخاتەڕوو.

لەوتاری(پلانی مرۆڤانەدا- Humanistic planning)دا فرۆم باس لە(سۆسیولۆژیای کار)دەکات لەروانگەی تەکنەلۆژیاوپێگەی مرۆڤ لەشوێنی کارکردنیدا.پاشان

پێشنیاری(یەکگرتنی مرۆڤەکان)دەکات لەسیستەمێکی(سەرکێشی حکومەت وکۆمەڵگا)دا بۆرزگارکردنی مرۆڤ لەوقەیرانانەی تێیکەوتووە وبارودۆخەکە بگۆڕدرێت لە(کێشە مرۆییەکانی تەکنەلۆژیا)وە بۆ(کێشە تەکنەلۆژیەکانی مرۆڤ).

دوو وتاری‌کۆتایی کتێبەکەش لەساڵی(١٩٣٢)دا نوسراون.لەوتاری (شێوازو کاری سایکۆلۆژیای شیکاری کۆمەڵایەتی)دا فرۆم باس لەمێژووی ماتریالیزم وپەیوەندی بەسایکۆلۆژیای شیکاریەوە دەکات.هەروەها رەخنە لە(کەسایەتی کۆمەڵایەتی)دۆرکاهیم(Durkheim)دەگرێت.لە کۆتایی وتارەکەشیدا فرۆم تێگەیشتن لەکایەکانی کۆمەڵگا بەبناغەی سەرەکی تێگەیشتن لەکۆمەڵگا وخێزان دادەنێت.

وتاری(کاراکتەرزانی سایکۆلۆژیای شیکاری وپەیوەندی بەسایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی)یەوە،هەوڵێکی سەرەتایی فرۆمە بۆگەشەپێدانی(جۆرەکانی کەسایەتی)لەروانگەی پۆلێنکردنەکانی فرۆیدەوە بۆکەسایەتی.پاشان باس لە(روح وناوەخنی)کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکات.

**١٧-کاراکتەری کۆمەڵایەتی لەگوندێکی مەکسیکدا.(لێکۆڵینەوەیەکی دەرون-شیکاریانەی کۆمەڵایەتی)یە(١٩٧٠)** (Social character in a mexican village)

ئەم کتێبە گەورەترین هەوڵی تەجریبی فرۆمە بۆسەلماندنی تیۆرە تایبەتیەکی-کاراکتەری کۆمەڵایەتی-وبەکارهێنانی لەسەر تاقی کردنەوەی گروپەکاندا.هەروەها ئەم کتێبە پێکدێت لە(تەکنیك و واتا)سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیەکان وتەکنیکە ئامارییەکانی فرۆم وچەند ئاماژەیەك بۆگۆڕانی کۆنەڵایەتی.لەهەمانکاتدا رەخنە لە(دەزگاکانی میدیا)و(کۆمەڵگای بەکاربەر)دەگرێت وهەندێك زانیاری زیاتر دەربارەی (کەسێتی نمونەیی)پێشکەش دەکات کەلەکارەکانی پێشویدا باسی کردووە.ئەم کتێبە بەگەورەترین کاری فرۆم دادەنرێت لەبەرئەوەی وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو رەخنانەیە کەپێیان وابوو تیۆرەکانی فرۆم قابیلی جێبەجێ کردن وسەلماندن نین.

**١٨-شیکردنەوەی وێرانکاریەکانی مرۆڤ.(١٩٧٣)**

(The anatomy of human destructiveness)

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆچارەسەرکردنی ئەو گفتوگۆ بەردەوامەی لەسەر(سروشت وپەروەردە)هەیە ورەخنە لەهەردوو تەوژمی(غەریزگەرایی)و(رەفتارگەرایی)دەگرێت و وەك سەرجەم کارەکانی دەچێتە ناوسیاقی مێژووەوە.بەشێوەیەکی تایبەت کتێبەکە باس لە(شەرانگێزی)وسروشتی مرۆڤ دەکات وفرۆم پێی‌وایە شەرانگێزی بەرهەمی ژینگەیەو مرۆڤ فێری دەبێت نەك مەیلێکی غەریزی وسروشتی مرۆڤ بێت.

**١٩- بمانبێت یان ببین.**

(To have or to be)(١٩٧٦)

يەكێكە لەباشترين دواكارەكانى فرۆم.لەم كتێبەدا باس لە(كەسايەتى بەكاربەر)دەكات لەسەدەى بيستەم دا،لەدوو روانگەوە(بوون لەگەڵ خاوەندارێتى).فرۆم ئەو دوو چەمكە شيدەكاتەوەو چارەى گونجاويان بۆدەهێنێتەوە.ناوەرۆكى كتێبەكە رەخنەيە لەبەڵێنەكانى ئابورى بورژوازى.هەروەها فرۆم ئەجندەيەك بۆلێكۆڵينەوە پێشكەش دەكات سەبارەت بەپێويستيەكانى(كۆمەڵگاى بەكاربەر)وگرنگى زياتر دەخاتە سەرپێكهاتەى كۆمەڵگا وەك پرۆسەيەكى هەرگيز كۆتايى نەهاتوو.

**٢٠-مەزنى وسنورەكانى هزرى فرۆيد.**

Greatness and limitations of (١٩٨٠)

(freud's thought

هەوڵێكى فرۆمە بۆتێگەيشتن لەبيروئايدياكانى(فرۆيد)كەلەزۆربەى كارەكانيدا بوونيان هەيە.

**٢١-سەبارەت بەملكەچ نەبوون وچەند وتارێكى تر.**

(On disobedience and other essays)(١٩٨١)

ئەم كتێبە لەدواى مەرگى خۆى بلاْوكرايەوەو زۆربەى بابەتەكانى پشت راستكردنەوەو باسكردنى بيروبۆچونەكانى پێشويەتى پاشان باس لەپەيوەندى نێوان سايكۆلۆژياى شيكارى مرۆڤايەتى وتيۆرەكانى ماركس دەكات.

**٢٢-چينى كاركەر لە(وێمەرى ئەلمانيا)(١٩٨٤)**

(The working class in weimer germany)

ئەم كتێبە بلاْوكراوەى پرۆژە تەجريبيەكانى(پەيمانگاى دەرونشيكارى فرانكفۆرت)ە كەدوايى گۆڕا بە(پەيمانگاى فرانكفۆرت بۆلێكۆڵينەوە كۆمەلاْيەتيەكان).ئەم كتێبە بەشێكە لەلێكۆڵينەوەيەكى گەورەترى پەيمانگا لەسەر (خێزان ودەسەلاْت).لێكۆڵينەوەيەكى مەيدانىيە باس لەئيدراكى كرێكاران دەكات لەپەيوەندى بەواقعى كۆمەلاْيەتيەوە لەماوەى دەركەوتن وگەيشتنە دەسەلاْتى (هتلەر)دا,ئەم كتێبە نمونەيەكە لەپەيوەندى فرۆم بەكۆمەڵناسى،بارودۆخى مێژوى،وتيۆرىرەخنەگرانە.

**<u>تێبينى:-</u>**

١-ژمارى ساڵەكانى تەنيشت ناونيشانى كتێبەكان ئاماژەيە بەساڵى چاپى كتێبەكان.

٢-لەهەندێ شوێندا نوسەرى ئەم بابەتە دوبارەكردنەوەى بەكارهێناوە,لەكاتى وەرگێرانەكەمدا بەپێويستم نەزانيووە دوبارەيان بكەمەوە بۆئاگادارى خوێنەرانى بەرێز.

**لە ئينتەرنێتەوە**